# فایلێك بۆ دۆزی ئەنفال
# دوو ڕۆژێ لەگەڵ کارەساتی کیمیابارانی سەردەشت

## بەشی یەکەم

- لە دانشتنی دووەمی دادگای پیاچوونەوەدا 13 شاهید و زرەرمەندی چەکی کیمیایی لە شاری سەردەشتی کوردستانی ئێران لە هۆڵی دادگا لە هۆڵەندا ئامادەبوون بۆ شایەتی..
- 13 شاهیدەکەی سەردەشت داوایان لێکرابوو بە زمانی فارسی لە هۆڵی دادگا بئاخفن و شایەتی بدەن..
- شاهیدێکی خەبیر تەئکید دەکاتەوە کەوا فان ئانرات ساڵی 1985 مادی (TDG) بە ڕژێمی عێراقی فرۆشتووە ، و چەکی کیمیایی لێدروستکردووە..

نووسین و ئامادەکردنی: ڤینۆس فایەق
venusfaiq@yahoo.co.uk

لەناو هۆڵی دادگاییکردنەکەی فرانس فان ئانراتەوە لە هۆڵەندا

تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارە 178ی ڕۆژنامەی (کوردستان ڕاپۆرت) لە شاری هەولێر ، ڕۆژی 8ی ئەپریل 2007 بڵاوبۆتەوە.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2ی ئەپریلی 2007 لە هۆڵی دادگای تەمیزی هۆلەندی لە شاری داناهاخ لە هۆڵەندا لە کۆشکی داد ، دانیشتنی دادگای تەمیزی هۆڵەندی دەستی پێکردەوە بۆ تاتوتوێکردنی ئەو سزایەی درا بە (فرانس فان ئانرات)ی تاوانبار بە فرۆشتنی ماددەی (TDG) بە بڕی زۆر بە ڕژێمی سەددام..

شایانی باسە لەو دانیشتنەدا کە نوێنەری باڵیۆزخانەی ئێران لە هۆڵەندا ئامادەی جانیشتنەکەبوو کە لە سەعاتی 10ی سەرلەبەیانیەوە دەستی پێکرد و هەتا سەعات چوارونیوی عەسری خایاند ، سەرەتا نوێنەری باڵۆزی ئێران لە هۆڵەندا ناڕەزایی خۆی دەربڕیی بەرامبەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەلایەن کوردەکانی ئامادەبووی دادگاییەکە ، کە ئەوەش بووە هۆی نیگەرانی کوردەکان..

جێی وەبیرهێنانەوەیە ماددەی (TDG) کە فرانس فان ئانرات بە ڕژێمی عێراقی فرۆشتووە ڕاستەوخۆ دەچێتە دروستنی غازی خەردەل و سیانید کە شاری هەڵەبجەی پێ بۆمباباران کرد ، پاشان چەند ناوچەیەکی ناو خاکی ئێرانیشی پێ بۆمباباران کرد ، و بووە هۆ کوشتن ونبوونی تەنها لە هەڵەبجەدا بەپێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاماری گەلێ سەرچاوەی جیهانی باوەڕ پێکراو زیاد لە پێنج هەزار کەس و بریندابوونی نزیکەی 9 هەزار کەس..شایانی باسە دیسەمبەری ڕابردوو سزای پازدە ساڵ درا بەسەر فرانس فان ئانراتدا لە یەکێ لە دادگاکانی سزای هۆڵەندی ، بەتۆمەتی بەشداریکردن لە تاوانەکانی جەنگ ، ئەوەش بە فرۆشتنی ئەو مادانەی دەچنە دروستکردنی چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژ..

ئەو کاتە هەردوو لا ، واتا پارێزەرانی فان ئانرات و هەروەها (موددەعی گشتی) داوای پیاچوونەوەی سزاکەیان کرد ، فرانس فان ئانرات داوای بێگوناهی دەکات و، موددەعی گشتی داوای سزای زیاتر دەکەن ، چونکە باوەڕیان وایە فان ئانرات تاوانبارە بە تاوانی (لەناوبردنی بەکۆمەڵ) نەك تەنها (تاوانی جەنگ) ، شایانی باسە ساڵی پار دادگاکە باوەڕی وابوو ئەوەی لە کوردستانی عێراق ئەو کاتە ڕوویداوە بریتیە هەڵمەتی لەناوبردنی بەکۆمەڵی میللەتی کورد ، بەڵام فرانس فان ئانراتی تاوانبار نەکرد بە بەشداری کردن لە تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ ، ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایەی ڕاستە فان ئانرات ئەو مادانەی فرۆشتووە بە سەددام حسێن ، بەڵام ئاگادار نەبووە لە نیازی بۆ بەکارهێنانی لە ئەنجامدانی تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ.

لەسەر داواکاری ئەمەریکا ساڵی 1989 فان ئانرات لە ئیتالیا دەستگیرکرا لەگەڵ شەریکە یابانیەکەی بەناوی (تاناکا) ، و داوایکرد بدرێتەوە بە ئەمەریکا ، بەڵام فان ئانرات بەڕەڵلاکرا ئەو دەمەی بە بڕیاری دانەوەی بە ئەمەریکا ئەچوونەوە ، دوای ئەوەش ڕایکرد بۆ بەغدا..

ساڵی 1990 ئانرات نامەیەك ئەنێرێت بۆ سەددام حوسێن داوای لێدەکات ڕەگەزنامەی عێراقی پێببەخشێت ، لە نامەکەشیدا هاتووە: "بەڕێزم من وڵاتەکەتانم زۆر خۆشدەوێت ، ساڵی 1977 کە بۆ یەکەمجار هاتمە عێراق سێ ساڵ لێی مامەوە ، هەر لەو کاتەوە میللەتی عێراقم خۆشدەوێت ، و شانازی بەو شتانەوە دەکەم کە پێشکەشی ئەم وڵاتەم کردووە.."

ئەو شتانەشی بۆ عێراقی کردووە ، بە پێی نامەیەکی سەرۆکایەتی موخابەراتی عێراقی لە جەنیوەری 1992 کە ئاراستەی سەرۆکی دەستەی پیشەسازی سەربازی کراوە دەڵێ: "ناوبراو پێشتر ماددەی کیمیاوی دەگمەن و قەدەغەکراوی بۆ دامەزراوە و دامودەزگای دەوڵەت دابینکردووە ، بەوەش خۆی خستۆتە بەردەم ئاکامی زۆر خەتەرناك ، و بە نرخی گونجاو بەبەراورد لەگەڵ ئەو نرخانەی کۆمپانیای تر خستبوویانە بەردەستمان."

ئەوەبوو حکومەتی عێراقی ڕێگەی پێدا لە عێراق بژی و بە بڕیاری سەرۆکایەتی موخابەراتی عێراقی خانوو و مووچەی بۆ بڕێندرایەوە..ساڵی 1990 فان ئانرات ڕەگەزنامەی عێراقی وەرگرت و، بڕیاریدا ببێ بە موسڵمان و، ناوی خۆی کرد بە (فارس مەنسوور ڕەشید ئەلبەزاز) ، هەمان ساڵ ژنێکی فەلەستینی مارەکرد بەناوی "حەنان محەممەد مەحموود"..ئەوەبوو پێیرانی کەوا ژنەکەی زانیاری لەبارەیەوە داوەتە کابرایەکی ئوردونی کە پەیوەندی بە موخابەراتی ئەمەریکیەوە هەبوو ، ئیدی لەیەك جیابوونەوە. پاشان ژنی یەکەمی لەگەڵ کوڕە تاقانەکەیدا لە سویسراوە هاتەوە بۆلای پێکەوە لە عێراق لە ژیانێکی باشدا ژیان هەتا کەوتنی سەددام ساڵی 2003..

پاشان و لە دوای بڕینەوەی سزای زیندانی پانزە ساڵ بۆ تاوانبار فرانس فان ئانرات ، لە دانیشتنی یەکەمی دادگای پیاچوونەوەی هۆڵەندی ڕۆژی 2ی ئەپریل 2007 ، ئانرات دانی بە نووسینی نامەکەیدا نا کە ئاراستەی سەددامی کردووە ، بەڵام گومانی لە هەموو دۆکومێنتەکانی تر کرد ، ئەوەبوو دادگا داوای لە ئیدیعای گشتی کرد هەتا 20ی ئەپریل ڕاست و دروستی ئەو دۆکومێنتانە بسەلمێنێت..

پاشان موددەعی گشتی داوای کرد داوا لە (عەلی حەسن مەجید) ناسراو بە (عەلی کیمیایی) بکرێت بێت لە دادگاییەکەدا ئامادەبێت ، چونکە زانیاری زۆری هەیە لەبارەی ڕۆڵی فرانس فان ئانرات و مەسەلەی فرشتنی ماددەی کیمیایی بە ڕژێمی عێراق.. هەمان ئەو ڕۆژە واتا 2ی ئەپریل 2007 دادگای هۆڵەندی داواکاری بەرزکردەوە بۆ دادگای عێراقی بۆ هاوکاری کردن ، هەمان ڕۆژ دادگای عێراقی سزای لەسێدارەدانی بۆ عەلی کیمیایی بڕاندەوە ، بە تۆمەتی بەرپرسیاری لە هێرش بردنە سەر ناوچە کوردیەکان کە غازی کیمیایی تیابەکارهاتووە ، ئەوەش وا دەکات داواکاری دادگای هۆڵەندی نەیەتە دی..

ڕۆژی 4ی ئەپریلی 2007 لە هەمان هۆڵی دادگای پیاچوونەوەی هۆڵەندی لە شاری دانهاخی هۆڵەندی و بە ئامادەبوونیسیامەند بەننا باڵیۆزی عێراق و هەروەها ئامادەبوونی 13 شاهیدی کورد لە شاری سەردەشتی کوردستانی ئێرانەوە هاتبوون ئامادەی دانیشتنی داگاییەکەبوون بۆ پێشکەشکردنی شابەتیان لەسەر ڕووداوی بۆمبارانکردنەکە ، ئەوەشی جێی سەرنج و تێبینی هەمووان بوو ، ئەوەبوو کەسێك کە بە هاوەڵی لەگەڵ 13 کەسەکەدا هاتبوو ، داوای لە 13 شاهیدە کوردە کردبوو تەنها بە زمانی فارسی قسە بکەن و شایەتی خۆیان بدەن ، ئەوەش دیاربوو بە داوکاری حکومەتی ئێران و لەژێر چاودێری باڵیۆزخانەی ئێران لە هۆڵەندابوو ، کە نوێنەرەکەیان ئامادەی دانیشتنەکەبوو لە سەعاتی 10ی سەرلەبەیانیەوە هەتا شەش و نیوی ئێوارە.. دانیشتنی دووەمی دادگای پیاچوونەوەی فرانس فان ئانرات دەستی پێکردەوە ، لەهەمان دادگا و بە ئامادەبوونی سەرۆکی دادگا و ئیددیعای گشتی و دادوەری قەزایی و پارێزەرانی قوربانیەکانی تاوانەکانی کیمیابارن و، پارێزەرانی تاوانبار فرانس فان ئانرات و تاوانبار فرانس فان ئانرات خۆی..

سەرەتا دادگا بە دوورودرێژی گوێی لە شایەتێکی تایبەتمەند و شارەزای چەکی کیمیایی و چەکی بەکۆمەڵکوژ گرت کەناوی (کۆرنێلۆس واڵتەر دایك)بوو و شارەزا و تایبەتمەندی چەکە لە سوپای هۆڵەندیدا ، ئامادەی دانشتنی دادگاییەکەبوو بەناوی (شاهید خەبیر)..شایانی باسە (واڵتەر دایك) بۆخۆی لە سەرتاکانی ساڵەکانی 1990ەوە ماری بۆ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە لەگەڵ تیمی پشکنینی چەکی بەکۆمەڵ کوژ لە عێراقدا..ئەو کاتە لەگەڵ ڕێکخراوی (یونیسکۆم) کاری کرد و پاشان لەگەڵ ڕێکخراوی (بلیکس) ئەوەی گرنگ بوو دانی شاهیدەکە جەختی لەسەر کردەوە ئەوەبوو ئەو ماددەیەی بەناوی (TDG) کە فرانس فان ئانرات بە بڕی زۆر گەورە فرۆشتوویەتی بە ڕژێمی عێراق هەمووی ئەوەیە کە بەکاری هێناوە دواتر لە دروستکردنی چەکی کیمیایی بەکۆمەڵکوژ و غازی خەردەل و سیانید لەهەڵمەتەکانی لەناوبردنی میللەتی کورد و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و شارەکانی تری عێراق و پاشان چەند شارۆچکەیەکی عێراقی لە کاتی شەڕی عێراق ئێراندا..

ماددەی(TDG) کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەچێتە پێکهاتەی دروستکردنی غازی ئەعساب (مۆستەرد گاز)ەوە لە دوو ڕاپۆرتی جیاوازدا ڕاپۆرتی 8ی 2005 و 11ی 2005 ، ناویان هاتووە و لەگەڵیدا ناوی فرانس فان ئانرات هاتووە ، یەکێ لە سیفەتەکانی ئەو ماددەیە ئەوەیە کەوا بۆ ماوەیەکی درێژ ئەمێنێەوە بۆ ماوەیەکی زۆر هیچی لێنایەت و خراپ نابێت.. (واڵتەر دایك)ی شاهید

خەبیر ئەوەشی تەئکیدکردەوە کەوا ئەو بێشکە لەوەی ساڵی 1985 فرانس فان ئانرات ماددەی (TDG) فرۆشتووە بە رژێمی عێراق کە ساڵی 1988 بەکاری هێناوە لە هەڵمەت و هێرشەکانی لەناوبردن و بەکۆمەڵکوژی میللەتی کورد.. ئەو ماددەیەش بەپێی قەسەی شاهیدە خەبیرەك گوایا یەك کیلۆی ، 1،3 هەتا 1،5 ماددەی کیمیایی گازی خەردەلی بەکۆمەڵ کوژی لێدروست دەکرێت..

لە پەراوێزی دانیشتنی دادگاکەدا و لەبەر ئەوەی ماوەی نەبوو پرسیارێکمان ئاراستەی پارێزەرەکەی فرانس فان ئانرات کرد کە ناوی (ج. پ. فان سخایك)ە..دەربارەی ئەوەی ئایا فراسن فان ئانرات تەنها کەسە کە ئەو ماددەیەی بە رژێمی عێراق فرۆشتووە ، یان کەسان و کارگە یان کۆمپانیای تر هەن ، چ لە ناوەوە و چ لە دەروەی هۆڵەندا؟ وەڵامی دامەوە وتی: بەڵی کۆمپانیای تر زۆر هەن ئەو ماددانەیان بە رژێمی سەددام فرۆشتووە ، کۆمپانیا هەن هۆڵەندین و زۆریشیان لە دەروەی هۆڵەندان.. هەروەها پرسیمان ئایا ئەو ماددانە جگە لە دروستکردنی گازی خەردەل و سیانید بۆ چی تر بەکارهاتووە؟ وتی: ئەو مادانە بۆ بەکارهاتنی مەندی ئاشتیانە بەکارهاتوون وەك بۆ نمونە جل و بەرگ دروستکردن.. پاشان سەبارەت بە چارەنووسی فرانس فان ئانرات پرسیارم لێکرد ، وتی: چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەین..

بەڵام ئەوەی من تێیگەیشتم لە میانەی دانیشتنەکەی دادگاکەوە ، ئەو بڕە گەورانە لەو ماددەیە کە چووەتە ناو عێراقەوە ناکرێت بۆ مەبەستی مەدەنی بووبێت ، هەروەك لە زاری شاهیدە خەبیرەکەوە (واڵتەر دایك) یشەوە هات..هەروەها (واڵتەر دایك) ئاماژەشی ەوەدا کەوا ساڵی 1988 عێراق بەخۆی توانای ئەوەی هەبوو خۆی لە فەللوجە ماددەی کیمیایی دروست بکات ، ئەوەش بەپێی دوو دۆکومێنتی (یونسکۆم) و (موسەننا) ..

ئەوەی جێی ئاماژەپێدانە ئەوەیە تاوانبار فرانس فان ئانرات کۆی گشتی زیاتر لە 11000 یازدە هەزار تەن لە ماددەی (TDG) فرۆشتووە بە رژێمی عێراق. و ئەشکرێ هەموو ئەو بڕەی فرۆشتوونی ئەو دەمە بە رژێمی عێراق هەموو بەکارهێنابێت بۆ دروستکردنی گازی خەردەل و گازی ئەعساب.

پاشان لە بەشی دووەمی دادگادا پارێزەرەکانی فرانس فان ئانرات بواریان درایە پرسیار ئاراستەی (واڵەر دایك)ی شاهیدی خەبیر بکەن ، کە لەو میانەیەشدا دۆکومێنتێکیان پێشکەشی دادگا کرد کە تیایدا هاتووە گوایا کۆمپانیایەکی بەریتانی ئەو ماددانەی فرۆشتووە بە رژێمی سەددام ساڵی 1985 کە دواتر بەکاریبردووە بۆ دروستکردنی گازی خەردەل و سیانید و هەڵەبجەی پێ کیمیاباران کردووە ، سەرۆك دادگاش داوای کرد دۆکومێنتەکە پیشانی شاهیدە خەبیرەکە (واڵتەر دایك) بدرێت ، ئەویش ئەوەی دووپات کردووە کەوا بڕوای تەواو ئەو دۆکومێنتە نیە ، و شکی لێی هەیە ، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت پەیوەندی بکرێت بە حکومەتی بەریتانیەوە ، بۆ ئەوەی راستی ئەو مەسەلەیە بزانرێت ، وتیشی: من بەشبەحاڵی خۆم ئاگاداری دۆکومێنتی لەو جۆرە نیم و، ئەو دۆکومێنتەشم نەبینیوە..

دوای ئەوە و لەبەشی سێهەمی دانیشتنەکەی دادگای پیاچوونەوە ، پارێزەری قوربانیەکانی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان ، بواری درایە قسە و راپۆرتی خۆی بخاتەڕوو ، ئەوەبوو داوای لە دادگاکرد یەکە یەکە شایەتەکان بانگبکات بۆ بەردەم دادوەر هەتا شایەتی خۆیان بدەن.. پێش ئەوەش سی دی یەکەم پێشکەشکرا کە بریتی بوو لە فلیمێکی دۆکومێنت دەربارەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە.. ئینجا بانگی شاهیدەکان کرا ، یەکە یەکە شایەتی خۆیاندا ، و باسیان لە رووداوەکە کرد ، باساین لەوە کرد کەوا ئەو رۆژەی شاری سەردەشت بۆمباباران کرا ، فرۆکەی عێراق یبە ئاسمانەوەبوو و، ژمارەیەکی زۆر زۆری لە کوژراو و بریندار و ونبوو لێکەوتەوە..پاشان سی دی دووەم پێشانی دادور و ئامادەبووان کرا ، کەبریتی بوو لە سی دی دۆکومێنتار سەبارەت بە رووداوەکە لە شاری سەردەشتی کوردستانی ئێران ، لە سیدیەکەدا دوکتۆر و پسپۆڕی هۆڵەندی باسیان لە کارەساتەکە دەرك و باسیان لە جۆری چەکەکان دەکرد ، کە ئەوەش لایەنێکی زۆری تاوانەکەی بۆ داگاکە روونکردەوە..جگە لەوەی دۆکومێنتی زۆر گرنگ لە دانیشتنی رۆژی 4ی ئەپریلدا خرایە بەردەست دادگا بۆ بەهێ.کردنی دۆزەکە ، ئەوەش لە میانەی دیمانەیەك لەگەڵ عەلی سیاسی بەرپرسی لقی هۆڵەندای ریکخراوی چاکی دەگەڕیمەوە سەری..

پاشان ئەوەی بە گرنگی دەزانم بیڵێم ئەوەیە هەروەك وتم ، هەموو شاهیدەکان وەکوو داویان لێکرابوو بە زمانی فارسی شایەتی بدەن ، ئەوەبوو 12 شایەتیان بە زمانی فارسی شایەتیان دا ،تەنها شایەتێکیان نەبێت وتی من بە زمانی کوردی قسە دەکەم کە ناوی (مام قادر) ، ئەوەبوو دادوەر فەرمانی دا وەرگێڕی کوردی بۆ بهێنرێت بۆ وەرگێڕانی راستوخۆی قسە و شایەتیەکەی..

تێبینی: ئەم بابەتە لە ژمارە 178ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە شاری هەولێر ، رۆژی 8ی ئەپریل 2007 بڵاوبۆتەوە.